# گۆڕەدەخمەکانی کفری و ساغکردنەوەی مێژوویان

**سامان کریم محمود**

کۆلێجی تەکنیکی کفری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان

saman.karim@gpu.edu.iq

**ڕوناک ئەحمەدی نیا**

نووسەر و شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

roonakahmadinia@gmail.com

**سەرکۆ صالح غفور**

کۆلێجی زانست، زانکۆی گەرمیان

sarko.info@gmail.com

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

گۆڕەدەخمە وەک شوێنەوارێکی زیندوو، مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ناوچەی کوردستاندا بەتایبەتی. لەسنوری قەزای کفریدا کۆمەڵێکی زۆر گۆڕەدەخمە هەن کە هێشتا مێژووەکەیان بەتەواوی ساغ نەبوەتەوە. بەشێک لەوانە ماون و دەتوانرێت بۆ کاری کنەوپشکنینی شوێنەوارناسیی سوودیان لێ وەربگیرێت، بەشێکیشیان بەهۆی کارەساتی سروشتی و مرۆییەوە شێوێندراون، یان لەناوچوون. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەپشت بەستن بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز و گەڕان و وردبوونەوەی مەیدانی و بەراوردی سەردەمەکان، بگەین بە ڕاستی ساغکردنەوەی مێژووەکەیان. ئەگەرچی، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کنەوپشکنینی شوێنەوارناسی لەپاڵ ئەم توێژینەوانەدا هۆکار و پاڵنەری سەرەکین.

بەپێی شێوازی دروستکردن و مێژووی ژیان و شوێنی گۆڕەدەخمەکان لەکفری و بەراوردیان بە گۆڕەدەخمەی ناوچەکانی تر و پشتبەستنیش بەکۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی (کە لەناو ئەم توێژینەوەیەدا بەوردی ئاماژەیان بۆ کراوە)، ئەم گۆڕەدەخمانەی کە لەکفریدا هەبوون بە نزیکەی ٤٠-٥٠ دانە دەیانخەملێنین، مێژووەکەیان بۆ کۆتایی سەردەمی ئەشکانی و دواتر سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە.

دۆزینەوەی مێژووی تەواوەتی ئەم گۆڕەدەخمانە و سەردەمەکەیان گرنگییەکی باشی هەیە لە ساغکردنەوەی مێژووی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی (کفری) لە شوێنکەوتەی دووەم و سێیەمیدا، کە تا ئێستاش مشتومڕی لە سەر هەیە. لەرێگای ئەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتە سەر ئەو باسە.

**کلیلە وشە: گۆڕەدەخمە، کفری، قەرەئۆغڵان، ئەشکانی، ساسانی**

**Abstract:**

Gordakhma (sky graves=rock-cut-tombs) as a existing monument has an ancient history in Kurdistan. There are many rock-cut-tombs in Kifri district whose history has not been fully studied. Some of them remain and needs archaeological excavations, while others have been destroyed by natural and man-made disasters. In this paper, we have tried to search for the history of the rock-cut-tombs of Kifri by relying on a number of different sources, field research. However, archaeological excavations alongside these studies are the main factors to find the exact date of these tombs.

These tombs that exist in Kifri and we estimate about 40-50, their history dates back to the end of Ashkani.

The history of these tombs and their period still in debated. Through this study, this research question has been addressed.

**Keywords: Gordakhma, Kifri, Qaraoghlan, Parthian, Sassanid**

**پێشەکی:**

گۆڕەدەخمە بریتییە لە ژوورێک یان چەند ژوورێک و بەرهەیوانێک بۆ ناشتنی ئێسکی مردوو لەناو شاخ و دۆڵ و کێوەکاندا و لەشێوەی ئەشکەوتدا هەڵدەکەندرێن.

بەگشتی لەسەردەمی پەیرەوکردنی ئایینی زەردەشتیدا، وەک رێورەسمێکی ناشتنی ئێسکی مردووەکان؛ گۆڕەدەخمە لەزۆر شوێن و کاتدا بەکارهاتووە بۆ ناشتنی ئێسکی مردووەکان.

کفری وەک یەکێک لە شارە مێژووییە دێرینەکان کە تەمەنی ئاوەدانبوونی بۆ نزیکەی پێنج هەزارساڵێک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە (نەریمان، ١٩٩٤: ١١)؛ ژمارەیەک گۆڕەدەخمەی تیادایە کە بەشێکیان تا ئێستاش ماونەتەوە (ئەگەرچی بەهۆکاری سروشتی و مرۆیی زۆرینەیان لەناوچوون و ئەوەیشی ماوە لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونن). مێژووی ئەم گۆڕەدەخمانەی کفری هێشتا ڕوون نییە. بەڵام بەگوێرەی بەراوردکاری شێوە و شێوازی گۆڕەکان و ناشتنی مردوو و نزیککردنەوەی سەردەمە مێژووییەکان و مێژووی ژیان لەم ناوچەیەدا، دەرکەوتن و بەکارهێنانی گۆڕەدەخمە لەکفریدا بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ئەشکانی (پارتی) و دواتر سەردەمی (ساسانی)یەکان دەگەڕێتەوە (عزیز، ٢٠٠٢: ١٠٨). شێوازی هەڵکەندنی گۆڕەکان کە لەناو دۆڵ و شاخەکان و سەر گابەردەکاندان، لەناو ئەشکەوتێکدا کە هەر یەکەیان جێگای دوو، یان زیاتر گۆڕی تیادایە و پاشان دۆزینەوەی هەندێک پاشماوەی شوێنەواریی لەنمونەی سکەی

پارە لەناوچەی دەوروبەری ئەو گۆڕەدەخمانە کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی کۆتایی ئەشکانی و پاشان ساسانی دەگەڕێتەوە (ریچ، ٢٠٠٨: ٤٠)؛ ئەو بۆچوونەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەنجامدانی کنەوپشکنینی شوێنەواریی بۆ گۆڕەدەخمەکان و ناوچەی (قەرەئۆغڵان) کە پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوەیە لەڕووی سەردەم و شوێنی جوگرافی و مێژووی ژیانەوە، پاڵپشت دەبێت بۆ کاری زانستی زیاتر لەداهاتوودا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشکی خستوەتە سەر مێژوو و شێوازی دروستکردنی شوێنەوارێک کە ڕاستەوخۆ بەشێکە لە شارستانیەتی کوردستان و ناوچەکە. دەروازەیەک دەبێت بۆ توێژینەوەی زیاتر لەسەر مێژووی شوێنەوارەکانی کفری و سەردەمی ژیان لەدووەم شوێنکەوتەی کفری بەگشتی و مێژووی ئەو گۆڕەدەخمانە و ئایینی زەردەشتیی بەتایبەتی.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی وەسفی بەکارهاتووە. هەروەها بۆ سەر چوار بابەتی سەرەکی دابەشکراوە کە بریتین لە: کورتەیەک لەمێژووی شاری کفری و هەرسێ شوێنکەوتەی شارەکە لەمێژوودا، مێژووی دەرکەوتنی گۆڕەدەخمە و نمونەی گۆڕەدەخمەی سەردەمە جیاوازەکان، شێوەی ناشتنی مردوو لەئایینی زەردەشتی و دواتریش بەوردی باس لە گۆڕەدەخمەکانی کفری کراوە.

لەتوێژینەوەکەدا کۆمەڵێک وێنە و نەخشە بەکارهاتووە کە ڕوونکردنەوەی زیاتری جۆر و شێوازی دروستکردن و مێژوو و شوێنی گۆڕەدەخمەکان دەخەنەڕوو.

توێژینەوەکە هەڵدەدات بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز لەنمونەی: گەشتنامەی گەشتیارە بیانییەکان، توێژینەوەی پێشتر، سەرچاوەی زانستیی مێژوویی، سەردانی مەیدانیی ناوچەکە، وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارانە بێت کە ئایا ئەم گۆڕەدەخمانەی کفری لەچی سەردەمێکدا دروستکراون و بۆچی دروستکراون؟

**پرسی توێژینەوە:**

یەکلانەکردنەوەی مێژووی دروستکردن و هەڵکەندنی ئەو ئەشکەوتانەی نێو دڵی دۆڵ و بەرد و کێوەکانی کفری و گۆڕەدەخمەکانی ناویان تا ئێستا کێشەیەکی مێژوویی-شوێنەوارییە کە بەهۆیەوە نەتوانراوە مێژووی ژیانکردن لەشوێنکەوتەی دووەمی کفریدا کە ئێستا پێی دەوترێت (قەرەئۆغڵان) و پاشماوەی شوێنەوارییەکەی شارەکە هێشتا ماوەتەوە، بەدروستی دیاری بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

لەرێگەی ئەم توێژینەوە زانستییەوە هەوڵدەدەین مێژووی ناوچەیەک ساغ بکەینەوە کە هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کە بەپشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان و بەراوردی سەردەم و شێوەی دروستکردن و هەڵکەندنی ئەشکەوت و گۆڕەدەخمەکان، مێژووەکەیان و ژمارە و شێوەی دروستکردنیان بخاتەڕوو. بۆ ئەوەی، هەوڵێک بێت بۆ ئەنجامدانی کنەوپشکنینی شوێنەواریی تیایاندا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەو میتۆدەی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێبەستووە بریتییە لە میتۆدی وەسفیی شیکاری کە یەکێکە لەو میتۆدانەی لە ڕووی شوێنەوارییەوە کاری لەسەر دەکرێت.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵ بۆ ساغکردنەوەی مێژووی شوێنەوارێک دەبات کە پێشتر کاری شوێنەوارناسیی و مێژوویی زۆری لەسەر نەکراوە.

هەروەها، دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئەنجامدانی کار و توێژینەوەی زیاتری زانستی و پرۆسەی کنەوپشکنینی شوێنەواریی لەسەر شوێنەواری گۆڕەدەخمەکانی شاری کفری.

**شاری کفری**

**کورتەیەکی مێژوویی-جوگرافیایی**

بوونی شاری (کفری) لە شوێنی ئێستایدا بۆ نزیکەی ٨٥٠-٩٠٠ ساڵێک لەمەوبەر واتا سەدەی سیانزەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە (عزیز، ٢٠١٣: ٢٠). پێشتر ئەم شارە لەناو دۆڵەکانی نزمە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێستایدا بووە (نەریمان، ١٩٩٤: ١١)، کە بە (قەرەئۆغڵان) دەناسرێت.

شاری کفری لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا سێ جار جێگۆڕکێیی کردووە. جێکەوتەی یەکەمی کفری بریتییە لە (کفری کۆن). گردێکی گەورەیە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کفری ئێستا بە دووری (٨کیلۆمەتر) (عزیز، ٢٠١٣: ٢٠)٠ (١٠-١٢) مەتر لەسەر ڕووی زەوییەکەوە بەرزە (دەلۆ، ٢٠١٤: ٢٤). بەڵام (کلۆدیۆس جیمس ڕیچ) کە لەسەدەی نۆزدەدا سەردانی ئەم جێگایەی کردووە؛ بەرزی ئەم گردەی بە (٧٥ پێ) واتا (٢٢ مەتر) داناوە. درێژەی گردەکە لە باکورەوە بۆ باشوور ٢٩٠ مەتر، پانییەکەیشی لە ڕۆژهەڵاتییەوە بۆ ڕۆژئاوا کەمترە لەو ئەندازەیە (ریچ، ٢٠٠٨: ٣٩)٠

جێکەوتەی دووەمی کفری بریتییە لە (قەرەئۆغڵان)[١]. نزیکەی (یەک) کیلۆمەتر لە شوێنی ئێستای شاری کفرییەوە دوورە و ئەکەوێتە دیوی باکوری ڕۆژهەڵاتییەوە. تا ئێستاش شوینەوارەکەی ماوەتەوە. لەم شوێنەدا دراوی سەردەمی ئەشکانی (پەرثی) و ساسانی و مۆرێکی سەردەمی ڕۆمانی و یەکێکی تری ساسانی دۆزراوەتەوە. ئەو دۆزینەوانە ساڵی (١٨٢٠ز) بووە کە (کلۆدیۆس جیمس ریچ) هاتوەتە شارەکە و لە گەشتنامەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە. هەروەها، دەڵێت: ڕۆژانە خەڵکانێک (جوتیارە هەژارەکان) دەچوونە شوێنی دار و پەردووی ئەو شارە وێرانە و سکەی ئاڵتون و

---

١ لەبارەی ناوی ئەم شوێنەوە؛ بەشی زۆری سەرچاوەکان بە (قەرەئۆغڵان) ناوەکەیان هێناوە؛ واتا (کوڕە ڕەش). ئەم ناوە وشەیەکی تورکییە و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکانەوە لە تۆمار و نووسراو و بەڵگەکاندا بەو جۆرە تۆمار کراوە. بەڵام، لەبەر ئەوەی مێژووی ژیان لەو شوێنەدا بۆ پێش سەردەمی عوسمانییەکانیش دەگەڕێتەوە. بۆیە، ناوەکە نابێتە ناوی تەواوەتی شوێنەکە. پێدەچێ ناوی (دەهۆڵخانە) گونجاوتر بێت بۆ ناوی ئەو شارە؛ بەو پێیەی ئێستاش لە بیرەوەری بەتەمەنەکانی شارەکەدا ئەو شوێنە هەر بە دەهۆڵخانە ناودەبرێت. هەروەها، شاخەکەی تەنیشتی ئەو شارەش هەر بە دەهۆڵخانە ناودەبرێت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

زیو و پارچە گۆزە و کەرەستەی تریان دەدۆزییەوە. شێوە و نەخشی ئەو گۆزانە ئەوە دەخاتەڕوو کە بگەڕێنەوە سەردەمی ساسانی (٢٢٤-٦٥١ز) (ریچ، ٢٠٠٨: ٣٦،٤٠،٤٠١).

ژیانی دانیشتوانی کفری لەم شوێنەیدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە و هەتا سەردەمی (ئیسلام)ی خایاندووە. بەپێی وتەی چەند شایەدحاڵێک کە لەم دواییانەدا (١٩٩٥ز) چەند کەسانێک چوونەتە شوێنەواری ئەو شارە و هەندێک پارچەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە و فرۆشراوە؛ لەو پارچانە دراوی سەردەمی (ئومەوییەکان) بووە کە لەدیوێکی نووسراوە (عبدالملک بن مروان) (عزیز، ٢٠١٣: ٢٠). ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە مێژووی ژیان لەو شارەدا هەتا سەردەمی ئومەوییەکان بەردەوام بووە.

شوێنکەوتەی سێیەمی کفری (کە دەکاتە شوێنی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانەکەی لە ئێستادا)، دیار نییە لە کەیەوە ئاوەدان کراوەتەوە. دەوترێت بۆ سەردەمی عەباسییەکان دەگەڕێتەوە. چونکە (نێیبور)ی گەڕیدە لە گەشتنامەکەیدا ناوی ئەم شارەی بە (کرفە) هێناوە و پێی وایە لەلایەن یەکێک لە خەلیفەکانی شاری (سامەڕا)وە ئاوەدان کراوەتەوە. کە، لێرەدا سەردەمەکەی بۆ کاتی (خیلافەتی عەباسییەکان ٧٥٠ز-١٥١٧ز) دەگەڕێتەوە (علی، ١٣٩٦: ٣٥).

سوهێل خورشید باوەڕی وایە ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە لەم شوێنەیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی ئایینی یارسانی لەسەدەی سیانزەیەمی زایینیدا. یەکێک لە ئاماژەکانی ناوی کفری لەڕەسەندا ئەوەیە کە لە وشەی (تەروو-کفر)ەوە وەرگیرابێت. کە، بە زاری (گۆران) بەمانای جۆرە ڕوەکێکە و لەکفریدا بە زۆری دەڕوێت. ئەم زارەش بەشێکە لە ئایینی یارسانی. ئەمەش بۆچوونەکە پشتڕاست دەکاتەوە (عزیز، ٢٠١٣: ٢٠).

ئەم قەزایە کە ئێستا سەر بە ئیدارەی گەرمیانە، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوسنورە لە گەڵ هەندێ پارێزگای گرنگدا. لەباشووری ڕۆژهەڵاتییەوە ناوەندی شاری کەرکوکە بەدووری ١٢٠کم، لەباکوورەوە بە دووری ١٩٠ کم دوورە لە ناوەندی پارێزگای سلێمانییەوە، لە لەباشووریشەوە لەگەڵ شاری بەعقوبە کە ناوەندی پارێزگای دیالەیە بە ١٢٥ کم دوورە و بە زنجیرە چیای حەمرین و ناحیەی قەرەتەپە دەست پێدەکات و بەدووری ٢١٠کم لەبەغدای پایتەختەوە دوورە (عبدالله، عبدالله، علی، ٢٠١٩: ٤٣١).

**گۆڕەدەخمە:**

گۆڕەدەخمە (Rock-cut tomb) یان گۆڕی بەردینە، ژوورێکی ناشتنی مردووە کە لە پێکهاتەیەکی بەردینەی سروشتی بەردەستدا داتاشراوە و دروستکراوە، جۆرێکە لە بیناسازیی بەردین لە نێو دڵی کێوێکدا. ئەو گۆڕانە زۆرجار وەک بەرد یان بەردی ڕامپ دەتاشرێن؛ بەڵام هەندێکجار لە ئاستی سەر زەویشدا دروست دەکرێن.

ئەم گۆڕانە بۆ ناشتنی مرۆڤی دەوڵەمەند لە سەردەمە کۆنەکاندا و لە کەلتور و جوگرافیا جیاوازەکانی جیهاندا باو بووە. (سیامک هاشمی، ١٣٩٢، فصل ٥). لەم گۆڕانەدا کە لە ڕاستیدا ژوورە بەردینەن، کە بریتین لە یەک، یان چەند ژوور، یەک، یان چەند مردوو ئەسپەردە دەکرێ. زۆر جار لەم ژوورانەدا، چەند بەشیتر وەک جێگای دانیشتن، جێگای دانانی کەلوپەلی مردووەکان بەدی دەکرێت. بێگومان بەپێی نەریتی ناشتنی مردووی هەر قۆناغێکی مێژوویی‌دا.

**مێژووی گۆڕەدەخمە:**

وشەی پەهلەوی دەخمە، بەجێماوی وشەی dafma ، لە وشەی هیندcئەورووپی dhmbh بە مانای ئەسپەردەکردن/ دەفن کردن لە فارسیدا، لە بنەڕەتدا بە مانای گۆڕ بووە. هیندۆئێرانیانی[٢] کۆن بەشێک لە دانیشتوانی ستێپەکانی باشوری قەفقازیا بوون کە مردووەکانی خۆیان لەناو گۆڕدا ئەسپەردە دەکرد و دوای دروستبوونی بڕوا ئایینییەکان سەبارەت بە مەرگ و دونیای دوای مەرگ، ڕێوڕەسمی ئایینی تایبەت بە خۆیان داهێناوە. وادیارە کە لە ئایینەکانی سەردەمانی پێش زەردەشتدا، نەریتی دانانی مردوو لە بۆشاییەکی کراوەدا، باو بووە کە دواتر لە ئایینی مەزدیسنای نوێیشدا پەسەندکراوە و چووەتە نێو ئایین و بڕواکانی زەردەشتییەوە (بویس، ١٣٨٦: ٣٧-٣٨؛ توکل، ١٤٠٠: ٩٦).

**گۆڕەدەخمەی ئورارتییەکان (باکوری کوردستان):**

لە هەندێک لە ناوچەی ژێردەستی ئورارتییەکان (باکوری کوردستان، دەڤەری وان)، ئەرمەنستان و بەشێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بینا و دەستکردی تاشراو لە نێو دڵ و پەیکەری کێوەکاندا بە فراوانی بەجێماوە. بەشێکی زۆری ئەم گۆڕەدەخمانە بەپێی چالاکییە زانستییەکانی کمالتین اوغلو[٣] (Koroglu, 2007: 445-456) و پیوتروفسکی[٤] و خطیب شهیدی[٥] (١٣٨٣: ٢٨٩-٢٩٨) ناسێنراون. ئەم شوێنانە بریتین لە -تەراس/ سەکۆ یان پلیکان، -نەخشێک یان ناوتاقی و -ژووری تاشراو لە ناو تاشەبەردە گەورەکاندا.

سەکۆ/پلیکان یان شێوازێک وەک پلیکان لە قەبارەیەکی زۆر گەورەدا تاشراون کە هێشتا بە دڵنیاییەوە دەرنەکەوتووە چۆن و بۆ چ کارێک بەکارهێنراون. لە هەندێک شوێندا، بەرزایی هەر پلیکانێک زۆرتر لە یەک مەترە. نمونەی ئەم پێکهاتە پلیکانەییە لە "پافلاگوونیا[٦]" لە کەنارەکانی دەریای ڕەش و باکوری ئاناتۆلیا هەڵکەوتووە (خطیب شهیدی و پیوتروفسکی، ١٣٨٣: ٢٨٩). بەشێکی شوێنەواراناسان بە پێی نائاساییبوونی ئەم دەستکردە زەبەلاحانە، پێیان وایە کە ئەم تراس یان پلیکانانە، بۆ کارکردی ئایینی بووە و لە ڕێوڕەسمی ئایینی ئورارتییەکان بەکارهێنراون و ئەم پلیکانانە بەشێک لەو ڕێگایە بوون کە دەگەیشتە بارەگای ئیزەدی لە کوێستاندا (Lehmann-Haupt: 120-131 & 143-153).

بۆ هەندێک پێکهاتەی پلیکانی دیکە وەک سەکۆیەکانی قەڵای وان، تۆپراک قەڵا و هایکابەرد لە باکوری کوردستان، بەهۆی هەبوونی قەڵاکانی نزیک و نێوان پێکهاتە پلیکانییەکانەوە، کارکردێکی ڕوونتریان بۆی دابین کردووە و وەک پێکهاتەیەک بۆ بەرگری و پاراستنی قەڵاکان، باسی لێکراوە؛ بەتایبەت لە سەکۆیەکانی قەڵای وان، تاشەبەردەکان تا ڕادەیەکی سەر سوڕهێنەر تا شراون. تاوەرێک لە سەرووی بەرزاییەکدا درو ستکراوە کە دیوارەکانی تاوەرەکە لە سەر

---

٢ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مێژووی دەخمە لە هیندا : Mody, 1905 و لە ئێراندا: Boyce, 1977.

٣ شوێنەوارناسی تورک/ تورکیا

٤ شوێنەوارناسی ڕووسی

٥ شوێنەوارناسی تورک/ ئێران

6 Paphlagonia

ئەم سەکۆیانەدا ڕاگیراون. وادیارە کە ئەم سەکۆ بەرزانە، نە بۆ مەبەستێکی ئایینی، بەڵکو وەک بەشێک لە کۆی بیناکان تاشراون و کەڵکیان لێوەرگیراوە (Marr & Orbeli, 1922: 10).

بەشێکی تر لە پێکهاتە بەردینەکانی ئورارتیی، نەخشـک/ تاقچە یان ناوتاقییە کە ئەویش لە ئەندازە و قەبارەیەکی زەبەلاحدا لە نێو بەردەکاندا تاشراون. لەسەر هەندێک لەم تاقچە بەردینانە نووسینێک بە ناوەڕۆکێکی ئایینییەوە هەیە کە بەم هۆیەوە، ئایینی بوونی تاقچەکان زۆرتر زەقدەکاتەوە بەرانبەر بە پلیکانەکان. ئورارتییەکان، ئەم تاقچەیانە بە ناوی دەروازەی خودا ناوبردووە و لە نووســراوە بزمارییەکاندا بە وشـــەی "درگا" پێناســـەکراون (Piotrowski & Flittner, 1940: 52-53).

نمونەیەک لەم تاقچەیە، بە ناوی "مهر قاپوسی"، ناسراوە لە سەنتەری قەڵەمڕەوی ئورارتییەکان کە زۆرتر لە (پێنج) مەتر درێژایی هەیە و دەقێکی ئایینی لە دوو پاشـــای گەورەی ئورارتییەکان، "ئیشـــپۆئینی" و "مینووا" لەســـەری نووســـراوە. هەروەها، لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا، لە کوێســـتانەکانی نێوان وان و ئورمییە، تاقچەیەکی دیکە هەیە لە سەردەمانی هەمان پاشا و بە هەمان دەقی ئایینییەوە (Muller, 1888: tavv. II, III).

هەندێک لەم تاقچەیانە، وەک تاقچەی قەڵای مازگرت، درگایەک لە نێوان تاقەکەدا بۆ ناو ژوورێکی گەورەی تاشـراو لە نێودڵی بەرددا دەکرێتەوە (Lehmann: 70).

لە نێو دەستکردە بەردینەکانی ئورارتی، ژوورەکانی ئەشکەوتین یان گۆڕەدەخمەکانی ناوچەی وان گرنگ و بەناون. ئەم پێکهاتانە، نەخشە و پلانیکی بە وردەکاری زۆری هەیە. بەشێک لەم ژوورە ئەشکەوتییانە وەک ئەشکەوتی گەورە و بچووکی خۆڕخۆڕ، ئەشـکەوتی نفتکویو، ئیچ قەڵا و چەند ئەشـکەوتی تاشـراوی دیکە لە دەڤەری واندا، نیشـاندەری ڕەواج و بەکارهێنانی گۆڕەدەخمە لە بەشـێکی زۆری خاوەن دەسـەڵاتەکاندا بووە. (Tozer, 1881: 347; Muller & Hyvernat, 1892: 246; Kaznakov, 1917: 28-32, tavv. I & II) ؛ (خطیب شهیدی و پیوتروفسکی، ١٣٨٣: ٢٨٩-٢٩٨).

بەم شـــێوەیە، ئورارتییەکان لە پێناو دروســـتکردن و داهێنانی پێکهاتە زەبەلاحە بەردینەکانی خۆیاندا، جۆریک لە ئایین و یاسای ناشتن و ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی مردووەکانیان لە نێو گۆڕەدەخمەکاندا بەرزکردەوە کە جیاواز بوو لە شێوە سادە و ساکارەکانی دیکە. ئەم گۆڕانە بریتین لە پلیکانێک یان ڕێگایەکی سەکۆیی بۆ گەیشتن بە ناو گۆڕەکە، ســـەکۆیەکی تاشـــراو لە بەردی کێوەکە لە بەر دەرگای چوونەژوورەوەدا هەیە. دەرگای چوونە ژوورەوەکە دەگاتە ژوورێکی ناوەندی و چەند ژووری تەنیشتی (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٥).

هەبوونی پلیکان لە گۆڕەدەخمە کانی ئورارتی نیشـــا ندەری ئەوەیە کە ئەم گۆڕانە چە ندین جار بە کارهێنراون (Koroglo, 2007: 445-456; خطیب شهیدی، ١٣٨٣: ٢٨٩-٢٩٨).

گۆڕەدەخمەکانی ئورارتی بە دوو تاقمی جیاوازی یەک ژوور و چەند ژوور بەشکراون. گۆڕەدەخمەی یەک ژوور وەک "ئەرمیشـــەلەر" لە نزیکی شـــاری وان بە شـــێوەیەکی ســـادە لە بەرد تاشـــراوە و وردەکارییەکی وای نییە. لەم جۆرە گۆڕەدەخمە یەک ژوورانە کەمتر دروستکراوە (Koroglu, 2007: 455).

گۆڕەدەخمە یەک ژوورەکان لەگەڵ جۆرەکانیتری ئەنادۆڵ، بە تایبەت فریجیا و کیلیکییە هاوسەنگن و تا سەردەمی ڕوومییەکان بەکارهێنراون (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٧). بە بڕوای شـوێنەوارناسـانی ئێرانی وەک مەلازادە، بەشـێک لە گۆڕەدەخمەکانی یەک ژووری باکوری کوردسـتان بە هۆی هاوشـێوەیی بوونیان لەگەڵ نمونەکانی ئێرانی سـەردەمی هاخامەنشـیەکاندا، ڕەنگە لە سـەردەمی هاخامەنشـییەکاندا دروسـت کرابن. (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٧). وەک گۆڕەدەخمەی خۆڕخۆڕی بچووک لە ناوچەی واندا کە لە شێوازی نەخشە و پلاندا، نزیکە لە گۆڕی داریوشی یەکەمی هاخامەنشییەوە. هەردووی ئەم گۆڕەدەخمانە، بریتین لە دەرگا و بۆشـایی چوونەژوورەوە، ژووری ناوەندی و چەند گۆڕی تاشـراو لەنێو بەرددا (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٨) بە گشتی، لەیەک پلانی هاوشێوە دروستکراون.

گۆڕەدەخمەی دوغوبایەزیدیش لەم ناوچەیەدا، تەنیا نمونەی ئەم جۆرە گۆڕەدەخمانەیە کە زۆر هاوشـێوەی گۆڕەدەخمەی سـەحنەی پارێزگای کرماشـانە. (Koroglo, 2007: 445-456; خطیب شـهیدی و پیوتروفسـکی ، ١٣٨٣: ٢٨٩-٢٩٨).

گۆڕە چەند ژوورەکان زیاتر لە نزیکی شاری "توشپا"، پایتەختی ئورارتو (شاری وان) و جێگە ناوەندی و گرنگەکاندا دۆزراونەتەوە و وا دیارە بۆ پاشاکان و پارێزگارە ناوخۆییەکان و ناشتنی بنەماڵەیی دروست کراون (خطیب شهیدی و پیوتروفسـکی، ١٣٨٣: ٢٨٩-٢٩٨؛ ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٥). لەم گۆڕانەدا، نێوان ٢ تا ٧ ژوور تاشـراون. ژووری ناوەندی و سـەرەکی زۆر گەورە و بەرین دروسـتکراوە کە لە قەبارەیەکی نێوان ٩٠ سـانتیمەتر تا ٨ مەترە. کوالیتی تاشـینی ژوورە تەنیشـتییەکان نزمتر لە ژوورە ناوەندییەکەیە. لە هەندێک لە گۆڕەکاندا، چالاوێکی قووڵ هەڵکەندراوە کە ڕەنگە بۆ کۆکردنەوەی پێشەکانی مردووەکانی پێشتر بووبێت (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٥). لە یەکیک لە گۆڕە ژێرزەمینییەکانی ناوچەی کاراگوندوز، لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئەرچەک، سـەر بە پارێزگای وان، ١٠٦ جەسـتە ئەسـپەردەکراون (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٥).

**گۆڕەدەخمە میدییەکان (ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان):**

لە سـەردەمی میدییەکاندا، زۆربەی گۆڕەدەخمەکان لە ناوچەی زاگرۆسـدا بەدەسـت هاتون. ئەم ناوچەیە ئەکەوێتە نێو بەشەکانی کوردستانەوە (ڕۆژهەڵات، باشور). لە ڕۆژهەڵاتدا دەڤەری کرماشان و باکوری ئەم ناوچەیە و لە باشوردا دەڤەری سـلێمانی گرنگن (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٣١-٣٨٨). هەندێک لێکۆڵینەوەی نوێتر گۆڕەبەردینەکان بۆ سـەردەمانی هاخامەنشی و دوای هاخامەنشی دەزانن (گیرشمن، ١٣٩٠: ٩٠-٨٧؛ مەلازادە، ١٣٩٣: ٣٢٣ ;Stronach, 1966: 221). بەڵام، توێژینەوە نوێترەکان دەستکەوتی جیاوازیان نواندوە کە لە درێژەی وتارەکەدا باسی ئەکەین.

گۆڕەدەخمەکانی سـەردەمی ماد، جۆرێکە لە هونەری ئورارتویی کە گەشـەی سـەندوە؛ چونکە بە پێچەوانەی گۆڕەدەخمەکانی ئورارتی، زۆرتریان خاوەنی نیگاری بەرجسـتە و دیزاینی بیناسـازی وەک کۆڵەکە و سـتوون و نیوە سـتوون بوون. خاوەنی گۆڕەدەخمەکانی ماد ڕوون نییە، بەڵام ئەوانەی هەخامەنێشـییەکان دیارە گۆڕی کام پاشایە(Stronach, 1966: 221).

گۆڕەدەخمەکانی ماد وەک قزقاپان لە دەڤەری سـلێمانی (Edmonds, 1934: 183-192; Stronach, 1966: 221; Reade, 1998: 84-85؛ هیرتســفێلد، ١٣٨١: ٢١٠-٢١٢، لە فارســیدا; ملازادە، ١٣٩٣: ٣٢٣-٣٨٨)، گۆڕەبەردینەی فەخرەقا/ فەقرەقا لە ١٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد و لەسەر جادەی مەهاباد بۆ میاندووئاوەوە (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٦٢ تا ٣٦٦؛ Von Gall, 1988: fig.15-16)، گۆڕەبەردینەی دووکانی داود/ داوو بە بەرزایی ســیانزە مەتر لە زەوی و لەسەر سینەی کێوی کەل داوو لە سێ کیلۆمەتری باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سەرپێڵ زەهاو (Von Gall, 1966: 33; Debevoise, 1942: 88; Stronach, 1966: 221; Von Gall, 1996: 473)، گۆڕەبەردینەی ئیسحاقوەند/ سەکاوەند لە نێوان دوو گوندی "دێهێنۆ" و ئیســحاقوەندەوە ســەر بە پارێزگای کرماشــانی ڕۆژهەڵاتدایە. ئەم ئاســەوارە لە ناوچەکەدا بە فارهاد تاش بە ناو بانگە (ملازادە، ١٣٩٣: ٣٨١ تا ٣٨٥ ,Von Gall, 1995/1: 211-214; Debevoise, 1942: 86-87;).

**گۆڕەدەخمەی هاخامەنشییەکان:**

گۆڕەدەخمەکانی ئەم ســەردەمە بە پێچەوانەی جۆرەکانی میدییەکان، فورمێکی هاوشــێوەیان هەیە و بە گوێرەی ســەلیب/ خاچ دروســتکراون. لە ناوەندی خاچەکەدا، دەرگای چوونەژوورەوەیە و لە ســەرووی بەشــەکانی خاچەکەدا شێوەی نیوەستوون تاشراوە. بەشی ژوورووی خاچەکە نیگارێکی بەرجەستەی ڕێک و بەشی خوارەوەی ساکار و سادە ماوەتەوە.

زۆربەی گۆڕەدەخمەکانی سـەردەمی هاخامەنشی لە ناوچەی نەخشی ڕۆستەم و نەخشی ڕەجەب دان و خاوەنی هەر گۆڕێک دیار و ڕوونە (Khanipoor et al, 2017: 55-68; Canepa, 2014). هەروەها چەند گۆڕەدەخمەی تر کە بۆ سەردەمی هاخامەنشییەکان پێناسە کراون؛ وەک گۆڕەبەردینەی سەحنە/ شیرین و فەرهاد لە بەرزاییەکانی باکوری ســەر بە شــاری ســەحنە و لە ٦٠ کیلۆمەتری شــاری کرماشــان بەرەو هەمەدان (Von Gall, 1966: 32; Huff, 1971; ملازادە، ١٣٩٣: ٣٨٠)، گۆڕە بەردینەی کوڕ و کچ لە مەودایەکی کورت لە قزقاپان و لە پشت گوندی شەرناخەوە (Von Gall, 1966: 38; ملازادە، ١٣٩٣: ٣٥٩-٣٦٠) هەر بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێنەوە.

**گۆڕەدەخمەکانی دوای هاخامەنشییەکان:**

دوای سـەردەمی هاخامەنشـییەکان، ئەشـکانییەکان/ پارتییەکان، نەریتی ناشـتنی مردوو لە گۆڕەدەخمەیان هەیە. گۆڕەدەخمەکانی ســەردەمی ئەشــکانی لە دوو ناوچەی "گێرمی" لە ئازربایجانی ڕۆژاوا (ڕۆژهەڵاتی کوردســتان) و "کەنگاوەر لە نزیکی شاری هەمەدان بە تایبەت ناسراون (کامبخش فرد، ١٣٤٦: ١٧؛ ١٣٧٤: ٢٣٠؛ ١٣٨٦: ١٥).

گۆڕەدەخمەکانی گێرمی بە دوو جۆر دروســت کراون: جۆرێک کە لە نێو دڵی خاکدا و جۆرێکیتر کە بە شــێوازی ئەشکەوت و لە دڵی کێوەکاندا دەیانتاشی. دەخمەکانی نێو خاک، لە نێو خاکێکدا دروست ئەکران کە جۆر و پێکهاتەی ئەو خاکە لەگەڵ خاکی دیکەی ئەو ناوچەیەدا جیاوازی هەبوو. لە نێو خاکدا داڵان و ڕێگەی چوونە ژوورەوە و یەک یان چەند ژووری ناشتنی مردوویان دروست دەکرد و دوایی، نێو گۆڕەکەیان دیسان بە خاک پڕ دەکردەوە و دەرگاکەیان بە تاشـەبەردی ئەسـتوور دادەخسـت. ئەو گۆڕەدەخمە بەردینانەشـی کە لە نێو کێوەکاندان، بە پێکهاتەی بەردی ئاهەک

دروست کراون کە قوڵایی و بەرزایی کەمتریان بووە (نزیکەی ٢ مەتر بەرزتر) بەراورد بە گۆڕەکانی نێو خاک (کامبخش فرد، ١٣٤٦: ١٧).

لە نێو پێکهاتەی ئاهەکیدا، داڵان و ڕێگای چوونە ژوورەوە و ژووری ناشتن دروست کراون و لە سەر زەوی ژوورەکە یەک یان چەند گۆڕیان هەڵدەکۆڵی و دوای ناشتنی ئێسکی مردوو/ مردووەکان، بە خاک دایاندەپۆشی و دواتر، دەرگای گۆڕەکەیان دادەخســـت. لە نێو گۆڕەدەخمەکاندا کەلوپەلی مردووەکان یان کەرەســـتەکانی پێوەندیدار لەگەڵ ئایین و نەریتی تایبەتی ناشـــتن، لای مردووەکان دادەنران (کامبخش فرد، ١٣٤٦: ١٧). گۆڕەدەخمەکانی کەنگاوەر پێوەندیان هەیە بە نیوەی یەکەمی سەردەمی ئەشکانییەکانەوە لە سەدەکانی پێش زاییندا. چۆنیەتی درو ست کردنی گۆڕەکانی ئێرەش بە هەمان شێوەی گۆڕەکانی گێرمییە. لە کەنگاوەر، قەبارەی ژوورە تاشراوەکانی گۆڕەکان ٦٠ بە ٢٠٠ سانتیمەتردا تاشـــراوە و وەک ژوورێکی بچووک دروســـتیان دەکرد و لە ژوورەکەشـــدا یەک یان چەند جێگای ناشـــتنی مردوویان هەڵدەکۆڵی و مردووەکانیان بە لاوە ئەســـپەردە دەکرد. ئەم جۆرە ناشـــتنە نەریت و یاســـایەکی کۆنی نەتەوەی پارتی بووە کە لە نیشتمانی سەرەکی خۆیان لە ناوچەی "داهە" بەجێ مابوو (کامبخش فرد، ١٣٨٦: ١٤).

**شێوەکانی ناشتنی مردوو لە ئایینی زەردەشتیدا:**

بە پێی بڕواکانی ئایینی زەردەشـــت لە کتێبی پیرۆزی ئاوێســـتادا کە زۆرینەی بەشـــە جیاوازەکانیی، لە ســـەردەمی ســـاســـانییەکاندا وەک کتێب کۆکراوەتەوە، چوار توخمی ئاو، با، خاک و ئاگر، پیرۆزە و دەبێ لە پیســـبوون دوور بن و بپارێزرێن (فرەوشی، ١٣٦٨: ١٥٣). یەکێک لەو شتانەی کە ئەتوانێت ئەم چوار توخمە پیس بکات، لاشەی مردووەکانە. لە باوەڕی زەردە شتیدا، مردنی مرۆڤ بە پێی هاتنی دێوێکی زۆر پیس بە ناوی دەروج نە سووە بۆ ناو جە ستە کە ئەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ و دەست رادەکێشێ بەڕووی جەستەی مردوودا و پیسی دەکات (رضی، ١٣٨٤: ٧٧). فەرگەرد/ بەشی ٧، بندەکانی ٥ تا ٩ و ١٠ تا ٢٤ ســـەبارەت بەم دێوە باســـکراوە. پێش زەردەشـــت لە هەندێک ناوچەدا جەســـتەکان دەسوتێندران؛ بەڵام بە هاتنی ئایینی زەردەشت، ئەو یاسایە قەدەغە کرا (فرەوشی، ١٣٦٨: ١٥٣). وەندیدات/ وەندیداد[٧]، بە شێکە لە کتێبی ئاوێستا بە مانای یا ساکانی دژەدێوەکان (Bleeker, 1978: 7; دو ستخواه، ١٣٧٧: ٦٥٥) کە لە بە شی (فرگرد/ فەرگەرد: بەش) سێهەم تا هەژدەیەمی وەندیداد تەرخان کراوە بۆ باس و وردەکاری ئایینی لە پێوەندی لەگەڵ یاســاکانی مافی تاک و کۆمەڵگەی مرۆڤ و ڕێورەســمەکانی خاوێنکردنی جەســتە و دابینکردنی مووچە و کرێی کار و پیشـــەکان (دوســـتخواە، ١٣٧٧: ٦٥٦). فەرگەرد/ بەشـــی شـــەشـــەمی وەندیداد بە تەواوی لەســـەر لەمس یان دەســـت بەرکەوتنی خاک و ئاوە لەگەڵ جەســتەی مردوودا و یاســا و حوکمی ئەو دەســتبەرکەوتنەیە. ناشــتنی مردوو لە خاکدا گوناهێکی گەورەیە کە هیچ پادئەفرە/ لێبووردەیی و بەخشـــینێکی بۆ نییە (فرگرد ٣ بند ٣٨). ئەو خاکە کە مردووی لێ

٧ لە بنەڕەتدا، "وێ دێوَ داتە"(Vi-daēva-dāta)" بووە کە دوایی لە باری زمانییەوە بووتە بە وەندیداد.
·https://ken.kowsarblog.ir

ئەســپەردە کراوە، ٥٠ ســاڵ دوای ئەوە دەخایەنێت تا دیســانەوە چاک و خاوێن بێتەوە (فرگرد٧، بند٤٧). هەروەها سووتاندنی جەستە لە ئاگردا یان خستنی جەستە بۆ ناو ئاو، گوناهێکی لێخۆشنەکراوە (فرگرد ٧، بند ٢٥تا ٢٧).

ئارياييەکان بەهۆی ئەوەی کە زێدە ڕەسەنەکەی خۆیان وڵاتێکی کوێستانی بە زووقم و بەفر و سەرمایەکی زۆرەوە بووە، مردووەکانی خۆیان لەســەر تەپۆڵکە یان لووتکەی کێوەکاندا و لە بۆشــاییەکی کراوەدا دادەنا تا ئاژەڵانی کێوی وەک داڵ و مار و دڕندەکان بیانخۆن و نەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی. وردە وردە میدییەکان لە شوێنانێکی دوور لە کۆمەڵگای خۆیان، بورج یان تاوەرێکیان دروستکرد کە پێیان دەوت دادگا یان دەخمۆ/ دەخمە کە بۆشاییەکی کراوەی بازنەیی بووە. لە نێوان بورجەکاندا، چاڵێکی گەورەیان هەڵدەکەند کە گوایە پێشەوپڵانی مردووەکان، دوای ئەوە ئاژەڵ دەیانیخوارد، لەو چاڵانەدا کۆدەکرایەوە و لە فارسیدا بە ئۆستودان/ پێشەدان ناسراوە و پێشتریش بە ناوی بورج یان قەڵای بێدەنگەکان/ مردووەکان[8] ناوهێنراوە (مهدوی، ١٣٧٩: ٥٦). دواتر، کە تەنیا ئێسکەکانیان دەمێنێتەوە، ئەو ئێسکانە دەبەن و لە گۆڕەدەخمەیەکدا دەینێژن کە بەو گۆڕەدەخمە دەڵێن پێشــەدان (جێگای پێشــە و پلانەکان). بەم شــوێنانە دەڵێن دەخمە یان گۆڕەدەخمە و بەو جۆرە ناشتنەش دەڵێن دەخمە ناشتن بردنی لاشەی مردووەکان بۆ نێو دەخمەکان، خۆی یاســا و زانینی ئایینی باشــی دەوێ و دوورکەوتن لەو یاســایە یان بە هەڵە ئەنجامدانی، ئەبێتە هۆی گوناە و سزایەکی گەورە (ونديداد: ٥، ٦، ٨؛ آذرگشسب، ١٣٧٢: ٢١٨).

ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەڵگە و زانیاری مێژوویی ڕاستەقینە سەبارەت بە گۆڕەدەخمەکانی زەردەشتییەکان زۆر کەم و لاوازن. وەندیداد کە ســەرچاوەی زۆربەی یاســاکانی ناشــتنی مردووە لە گۆڕەدەخمەکاندا، خۆی لە ســەردەمی ســاســانییەکان بە دەســتی مۆبەدەکانی ســاســانی نووســراوە و دراوەتە پاڵ کتێبی ئاوێســتا. ئەگەری ئەوە هەیە کە وەندیداد کەمێک پێشــتر لە ســەردەمی پارتییەکان/ ئەشــکانییەکاندا و لە زەمانی پاشــایەتی بلاشــی ســێهەم (١٤٨–١٩١ زایینی) و خەسرەوی یەکەم (٥٣١–٥٧٩ زایینی) کۆکرابێتەوە (مهدی زادە، ١٣٧٩: ٣٥٨؛ Bleeker, 1978).

بەم جۆرە، هەرجۆرە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی یاسای ئەسپەردەکردن لە گۆڕەدەخمەدا، لە سەردەمانی جیاوازدا پێشبینی کراوە. بەڵام ئێرانی سەردەمی ساسانی کە لەژێر گوشاری سیستەمی یەکلایەنەی ئایینی زەردەشتەوە، بە گشتی زەردەشتی بووە و دوای هاتنی ئیسلام، لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێراندا هەر بەو شێوازە، ئەنجام دراوە. زۆربەی ئەو دەخمە و قەڵای بێدەنگانە کە لە شــارانێکی وەک یەزد، کرمان، تاران، قوم و باکوری خۆراســان لە ســەردەمانی حکومەتە ئیسلامییەکاندا وەک سەفەوییەکان و قاجارەکان و پەهلەویدا دروست کراون و تا ئێستاکە لە سەردەمانی پێش ئیسلامدا، چەند نمونەیەک بەدەست هاتووە (راهبردی نظری برای باززنده سازی دخمه‌های زرتشتیان در ایران، ١٣٩٧؛ شینی غلامپور و حیدری بنی، ١٤٠٠: ١٢٦-١٢٧).

وەک کە پێشــتر وتراوە، گۆڕەدەخمە یان پێشــەدانەکان، بۆشــاییەکی دروســتکراو لە دڵی کێودایە کە بە فەرمی لە ســەردەمی هاخامەنشــییەکانەوە (٥٥٠ پێش زایین تا دوایینەکانی ســەدەی چوارەمی پێش زایین) دەســتی پێکردوە و

٨ قلعه خاموشان لە فارسیدا/ Tower of silence

بەردەوام هەتا دەیان ساڵی پێش ئێستا لە لایەن زەردەشتییەكانەوە بەكار هێنراوە. لە سەدەكانی پێش ئیسلامدا، ناشتنی مردوو بە جەستەی تەواوەوە لە نێو گۆڕەدەخمەدا شێوەیەكی بەربڵاو بووە. پێدەچێت، یاسای خواردنی جەستەی مردووەكان لە لایەن ئاژەڵانەوە، یاسایەكی نوێتر بێت كە لە سەردەمی ساسانیەكانەوە دەستی پێكردوە و لە سەردەمانی ئیسلامیدا لە لایەن زەردەشتییەكانەوە پەرەی سەندوە.

گۆڕەدەخمە بە شێواز و تاقمی جۆراوجۆر، لە جوگرافیایەكی سنوردار واتە بەشی رۆژاوای ئێرانی ئەمڕۆ، یان ڕۆژهەڵاتی كوردستان و باشور و باكوری كوردستاندا، هەندێكیان بە شێواز و نیگارن كە بەرچاویترینیان گۆڕی پاشاكانی سەردەمی هاخامەنشییەكانن و بەشێكی تریان سادە و ساكارن كە بە زۆری و بەرفراوان دروستكراون (كخ، ١٣٧٧: ٣٣٨؛ شهبازی، ١٣٥٧: ٣٩). بۆ بەراوردكاری ئەو جۆرانەی بە گۆڕەدەخمەكانی كفرییەوە نزیک بێت كە لە جە ستەی كێو و بە ڕووكارێكی سادە و ساكار و تەنیا لە یەک یان دوو دیوی سادەدا تاشراوە، لە هەر سەردەمێک، تەنها نمونە هاوشێوەكان باس دەكرێ.

لە ناوچەی نێوان شارەكانی ئیستەخر و كێوی ڕەحمەت یان مێهر سەر بە پارێزگای فارس لەوڵاتی ئێران كە لە سەردەمی هاخامەنشییەكاندا ناوچەیەكی گرنگ بووە، گۆڕەدەخمەی بەردینە بە فراوانی و بەجۆری جیاواز كەڵكی لێوەرگیراوە (جعفری، ١٤٠٢: ٢٢٧) . ئەم گۆڕەدەخمانە بە چەند شێوە دروست كراون: كونێک یان بۆشاییەكی سرووشتی لە كێویان پەیدا دەكرد و بێ هیچ دەستكارییەک لەو بۆشاییەدا، مردووەكەیان تێیدا دەناشت. یان لە بەردی كێوەكە، بە ئەندازەی جەستەی مردووەكە، ژوورێكی بچووكیان لە ئێسكی مردووەكەیان دەتاشی و ئێسكی مردووەكەیان تێیدا دەناشت. شێوەی سێیەم تێكەڵەیەكە لە دوو شێوەی باسكراوی سەرەوە و بە گەورەكردنی ئەو بۆشاییە سرووشتیە بە تاشینی دیوارەكانی كێوەكە، گۆڕێكیان دروست دەكرد (جعفری، ١٤٠٢: ٢٣٠). دەرگای تەواوی ئەم گۆڕانە لە دوای ناشتنی جەستە، بە تاشەبەردێک یان چەند بەردی گەورە دەبەسترا. هەروەها، مردووەكان بە جەستەی تەواو و گۆشت و پێستەوە ئەسپەردە دەكران. تەنها لەم ناوچە بچووكەدا كە ١٥ كیلۆمەترە، ١٢٣٨ دانە لەم گۆڕەدەخمانە دۆزراوەتەوە و نیشانكراوە (جعفری، ١٤٠٢: ٢٢٧-٢٥٢). وا دەردەكەوێت ئەم گۆڕەدەخمانە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەكە و لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا دروستكراون.

گۆڕەدەخمە لە دوای ڕووخانی پاشایەتیی هاخامەنشییەكان ئەبێتە نەریت و كەڵكی لێوەردەگیرێت. دوای ڕوخانی هاخامەنشییەكان، لە ڕۆژاوای ئێران/ ڕۆژهەڵات و باشوری كوردستان، گۆڕانكاری لە داب و نەریتی ناشتنی مردوودا وەک ڕاپەڕینێک لە یاسای ئەسپەردەكردندا ئەژمار ئەكرێ؛ بە تایبەت لە پارێزگاكانی كرماشان و كوردستاندا نمونەی ئەم گۆڕەدەخمانە یان پێشەدانانە بە فراوانی دەردەكەوێت (Farjami Rad, 2015: 7, 13-14, pics: Ill.4, Ill.5, Ill.6; Herzfeld 1941: 206; von Gall (1994 211) (وێنەكانی ١-٢-٣).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی ١: گۆڕەدەخمەی بەرناج، وەرگیراوە لە: (Farjami Rad, 2015: 13-14, pic: Ill.4)



وێنەی ٢: گۆڕەدەخمەی بێستوون، وەرگیراوە لە: (Farjami Rad, 2015: 13-14, pic: Ill.5)



وێنەی ٣: گۆڕەدەخمەی سەحنە، وەرگیراوە لە:

(Farjami Rad, 2015: 13-14, pic: Ill.6, photo archive of Ghent University)


هەروەک پەیدابوون و دروستکردنی گۆڕەدەخمە و بە تایبەت پێشەدان لە سەردەمی هاخامەنشییەکانەوە دەستی پێکردووە، جێگیربوون و گشتی بوونەوەشی لە سەردەمی ئەشکانییەکان/ پارتییەکاندا، ڕوو دەدات. بە پێچەوانەی

ســەردەمی پێشــوو (هاخامەنشــییەکان) کە پێشــەدان لە ناوچەی زاگرۆس و کوردســتاندا وەک یاســایەکی ناوچەیی ســەرهەڵدەدا؛ لەم ســەردەمەدا، لە زۆربەی ناوچەکانی ژێردەســتی فەرمانڕەوایی ئەشــکانی، گۆڕەدەخمە و پێشــەدان هەمەلایەنە و دەبێتە نەریتێکی گشــتی و دانیشــتوانی هەر ناوچەیەک (ســاتراپ) دەیانتوانی بە پێی یاســا و نەریتی ئایین و بڕوا پیرۆزەکانی خۆیان بژین و ڕێوڕە سمی تایبەتی خۆیان وەک نا شتنی مردووەکانیان بە جێ بێنن (Boyce and Grenet, 1991: 68).

بەم هۆیەوەیە کە لەم ســـەردەمە درێژەدا، چەندین جۆری جیاواز لە گۆڕ و شـــێوازەکانی ناشـــتنی مردوو هەیە لە شـانشـینی پارتیدا. لەم سـەردەمەدا، گۆڕەدەخمە لە کوردسـتان و کرماشـان کەم ئەبێتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی پارتییەکاندا وەک سیستان و بەلوچستان و کرمان زۆرترە. لەم دوو ناوچەیەدا، زیاتر لە ١٥٠ گۆڕەدەخمە دۆزراوەتەوە. بە ڕوونی دیار نییە کە ئەم گۆڕانە پێشەدان بوون یان گۆڕەدەخمەی ناشتنی مردوون بە تەواوی. (Basafa 2008: 186; Whitcomb 1985: 210; Farjami Rad, 2015: 21)

بەشێکی شوێنەوارناسان بڕوایان وایە کە ئەم گۆڕانە بە تایبەت لە نزیکی کرماندا، ڕەنگە پەیوەندی بە کۆمەڵگایەکی زەردەشـــتییەوە هەبووبێت کە لە نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە تا ســـەرە تای دەســـتپێکردنی سەردەمی ساسانییەکان لەو جێگایەدا ژیاون. (Lamberg-Karlovsky and Fitz 1987: 769)

گۆڕەدەخمەیەکی ناوچەی دەرەدۆزی سـەر بە پارێزگای خوزسـتان لە شـێوازی دروسـتکردن و شـێوەی ناو ژووری گۆڕەکە، هاوشـــێوەیی و نزیکی زۆری هەیە لەگەڵ گۆڕەدەخمەکانی کفری کە لە پلان و نەخشـــەکەیدا بە ڕوونی دیارە (وێنەی ٤) (Heydari 1999: 215)




وێنەی ٤: گۆڕەدەخمەی دەرەدۆز، پارێزگای خوزستان. وەرگیراوە لە:

(Heydari, 1999: 216, 218, Fig. 2, 3; Farjami Rad, 2015: 21, fig. 28)

A) Plan & section of chambers B) Bas-relief above the chamber A entrance

لە سەردەمی ساسانیدا پاشاکان و موغەکانی زەردەشتی تەواوی هەوڵی خۆیان داوە بۆ گشتی کردن و سەپاندنی زۆرەملێی ئایینی زەردەشت لە تەواوی ناوچەکانی شانشینی ساسانی. ئەم نەریتەش کە مردووەکان دەخەنە بەردەست ئاژەڵە درندەکان کە بیانخۆن، زۆرتر لە ناوەندی ئیمپراتۆریی ساسانییەکان، واتە ناوچەی فارس و ئیستەخر باو بووە؛ بەو پێیەی هەر ئەو ناوچەیە ناوەندی ئایینیش بووە و بنەماڵەکانی دەسەڵات وەک کردەوەیەکی نەریتی سەرنجڕاکێش تەماشایان کردوە. (Bivar and Boyce, 1998; Farjami Rad, 2015: 25)

بەم هۆیەوە، گۆڕەدەخمە و پێشـــەدان بە فراوانی لە لایەن خەڵکەوە بەکار هێنراوە و ڕەنگە نزیکترین شـــێواز بۆ گۆڕەدەخمەکانی کفری، گۆڕەدەخمەکانی سـەردەمی سـاسـانییەکان بێت کە لە چەندین ناوچەدا بە کۆمەڵ دابینکراون. بۆ نمونە گۆڕەدەخمەکانی فالۆنەک لە پارێزگای فارس (وێنەی ٥)، ئاوایی گەرماوا (وێنەی ٦)، حاجیاوا (وێنەی ٧) و کێوی حسەین (وێنەی ٨).



وێنەی ٥: گۆڕەدەخمەی فالۆنەک، وەرگیراوە لە: (Farjami Rad, 2015: 359, Ill.6; Photo by Erik Smekens, 1975)



وێنەی ٦: گۆڕەدەخمەی گەرماوا، وەرگیراوە لە: (Farjami Rad, 2015: 359, Ill.7: photo by M. Farjamirad, October 2014)



وێنەی ٧: گۆڕەدەخمەی حاجیاوا، وەرگیراوە لە: (Farjami Rad, 2015: 361, I11.8; photo by M. Farjamirad, October 2014)



وێنەی ٨: گۆڕەدەخمەی کێوی حسەین، وەرگیراوە لە:

(Farjami Rad, 2015: 36٤, Ill.14، North of Kuh-e Hossein, Shah Ismail؛ photo by M. Farjamirad, April 2013)

**گۆڕەدەخمەکانی کفری:**

لەدەوروبەری شـــاری کفریدا ژمارەیەک ئەشـــکەوت هەن کە گۆڕەدەخمەیان تیادایە. ئەمانە بەشـــێکیان نزیکن لە سەنتەری ئێستای شارەکەوە و بەشێکیشیان دەکەونە سنوری قەزاکەوە (واتا ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری). تا ئێستا کاری کنەوپشـــکنینی شـــوێنەواریی بۆ ئەو ئەشـــکەوت و گۆڕەدەخمانەی کفری نەکراوە. بەڵام، ســـاڵی (٢٠١٥) تیمێک لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان ڕووپێوییەکی بە شێک لە گۆڕەدەخمەکانیان کردوە و لەدوو کۆمەڵەدا تەنها (١٧) گۆڕەدەخمە یان لەو ئەشـــکەو تانەدا تۆ مارکردووە [٩] (دۆســـیەی بەڕێوەبەرایەتی شـــوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، بەشی پشکنین: ٢٠١٥).

٩ هەتا نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە لایەنە پەیوەندداره‌کانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە پلانیشیاندا ئاشکرایان نەکردووە کە کار بۆ ئەنجامدانی کنە و پشـکنین و ڕووپێوی زیاتری ئەم ئەشـکەوت و گۆڕە دەخمانەی کفری دەکەن. تەنانەت، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی باشیش بۆ پاراستنیان بەشێکیان لەناوچوون. بەتایبەت، ئەوانەیان کە نزیکن لە ناوچەی ئاوەدانی و دەستی مرۆڤیان پێدەگات!.

لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفریدا (٦٢) ئە شکەوت کە گۆڕی دەخمە لەخۆ دەگرێت لە سنوری قەزای کفریدا تۆمار کراون (چاوپێکەوتنی عوبید محمد: ٢٠٢٤). بەڵام، لەدەوروبەری کفری کە ئێمە لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووپێومان کردووە بریتییە لە (٢٧) ئەشکەوت کە گۆڕەدەخمەیان تیادایە.

**ئەشکەوتەکانی حەوت موغارە:**

موغارە وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای (ئەشکەوت) دێت. لەبنەڕەتدا وشەکە چاوگی وشەی (غار)ە لە زمانی عەرەبیدا.

ئەم ئە شکەوتانە دەکەونە دووری ٢ کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری (کفری)ی ئێستاوە بە دیوی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە. لەبارەی ژمارەی ئەشکەوتەکانەوە؛ لە ئێستادا هەشت دانە دەبینرێن و ماونەتەوە. بەڵام، بە (حەوت موغارە) لەلای دانیشتوانی ناوچەکە دەناسرێن. عەزیز پێی وایە کە لە ١٠٠ دانە زیاتر بوون ئەم ئە شکەوتانە بەڵام لەناوچوون و ئێستا تەنها ئەو چەند دانەیان ماوەتەوە (عزیز، ٢٠١٢: ١٠٨). بەڵام، هیچ ئاسەوارێک لەناوچەکەدا نایسەلمێنێت کە ژمارەیان نزیک ١٠٠ دانە ببێتەوە لەو شوێنەدا.

ئەشکەوتەکانی حەوت موغارە دەکەونە لاپاڵی ئەو زنجیرە چیایەی کە دەڕوانێتە سەر شوێنەواری (قەرەئۆغڵان)دا و کەمتر لە یەک کیلۆمەتر لێیەوەی دوورە. مێژووی هەردوو شوێنەوارەکەش گرێدراوی یەکن.

چوار لەم ئەشکەو تانە دەکەونە دیوێک و سێ دانەی تریشیان لەدیوێکی بەرامبەریانە. لەبەر ئەوەی نزمن و بەئا سانی توانای چوونە ژوورەوەیان هەیە. بۆیە، تێکدراون و سیمای شوێنەوارییان شێوێنراوە. گۆڕەکانی ناویشیان تێکدراون.

یەکێک لەو ئەشکەوتانە لەبەر ئەوەی چوونە ژوورەوەی سەختترە، دۆخی مانەوەی لەوانەی تر باشترە و دەتوانرێت لێی بکۆڵرێتەوە.

بەرزی ئەم ئەشکەوتە لەسەر زەوییەوە نزیکەی ٦ مەترە. ئەندازەی دەرگای ئەشکەوتەکە بەم شێوەیە: لەدیوی دەرەوە بەرزییەکەی (٨٧ سم)، پانی (٥٠ سم). لەدیوی ناوەوە پانییەکەی دەبێت بە (٩٠سم) و قوڵییەکەی بە (٨٠سم).

خودی ئەشکەوتەکە ئەندازەکەی بەم جۆرەیە: بەرزیەکەی لەناوەراستەوە (١٢٠ سم)، پانییەکەی لە ناوەراستەوە (٣٢٠سم)، لە بنەوە ( ٢ مەترە) و درێژییەکەیشی (٢٨٠سم)ە.

ئەشکەوتەکانی ئەم شوێنە (واتا حەوت موغارە) بەشێوەیەکی گشتی لە ژمارەی ئەو گۆڕانەی لەخۆیان دەگرن و شێوەی دروستکردن و ئەندازە و نەخشەوە هاوشێوەن.

هەر یەکێک لەو ئەشکەوتانە (چوار) گۆڕ لە خۆ دەگرن کە جیاوازن لە شێوە و قەبارەدا و لەناو هەر ئەشکەوتێکیشدا (تاق)ێک بە ئەندازەی پانی (٢٥سم)، بەرزی (٢٠سم) و قوڵی (١٥سم) دەبینرێت. کە، پێدەچێت جێگایەک بێت بۆ کردنەوەی ئاگری ڕووناکی وەک هێمایەکی زەردە شتی؛ ئەگەرچی شوێنی دووکەڵیش لەناو تاقەکەدا هە ست پێناکرێت (عزیز، ٢٠١٢: ١٠٨). کە، پێدەچێت بەهۆی ئەوەوە بێت ئەشکەوتەکە هیچی وەک خۆی نەماوەتەوە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

گۆڕەکان شـێوێنراون و سـەختە ئەندازەیان بە دروسـتی بزانرێت. لەناو یەکێک لە ئەشـکەوتەکاندا تەنها (یەک) گۆڕیان تا ڕادەیەک کەمتر تێکدراوە کە دەکەوێتە ژووروووی ئەشـکەوتەکە و ڕووبەڕووی دەرگای ئەشکەوت. ئەندازەی ئەو گۆڕەش بریتییە لە درێژی (٢مەتر)، پانی (٤٣سم) و قوڵی (٤٠سم).

گۆڕەکانی ناو ئەم ئەشـکەوتانە وا دەردەبڕن کە هەر ئەشـکەوتێک تایبەت بێت بە گۆڕی یەک خێزان. چونکە، ئەندازەی گۆڕەکان جیاوازن؛ بەڕوونی دەردەکەوێت کە گۆڕی پیاو و ژن لە گۆڕی منداڵەکان گەورەترن.

**(وێنەی ٩، ١٠، ١١، ١٢).**




(وێنەی ٩ دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەشکەوتی حەوت موغارە/فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١٠ دیوی ناوەوەی ئەشکەوتی حەوت موغارە/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١١ دیوی دەرەوەی ئەشکەوتەکانی حەوت موغارە/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١٢ نەخشەی ئەندازەیی ئەشکەوتەکانی حەوت موغارە/ کاری ئەندازیار ئارام محەمەد)

بەنزیکەیی (١ کیلۆمەتر) بەدەستەڕاستی گۆڕەدەخمەکانی (حەوت موغارە)دا بە دیوی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، (پێنج) گۆڕەدەخمەی تر بوونیان هەیە کە ڕوویان بەئاراستەی باکورەوەیە. شێوازی گۆڕەکانی ناو ئەم ئەشکەوتانە جیاوازییەکی کەمیان لەگەڵ گۆڕەکانی (حەوت موغارە)دا هەیە. بەگشتی هەر پێنجیان ئەندازەی ئەشکەوتەکان و گۆڕەکانیان بەم شێوەیە:

دەرگای ئەشکەوتەکە هەمان شێوەی ئەشکەوتەکانی تر نیوکەوانەیی و هێلکەییە. پانییەکەی لە خوارەوە (٦٠ سم)، ناوەڕاست (٨٠سم) و لەسەری دەرگاکەشەوە (٨٣سم) دەبێت.

بەرزی ئەشکەوتەکە لەناوەوە (١٦٠سم)، درێژییەکەی (٣٠٠سم) و پانییەکەی (٣٦٠سم) دەبێت.

هەر ئە شکەوتێک لەمانە ئا سەواری ٣ گۆڕی تیادایە. کە بەهۆی کارە ساتە سرو شتییەکانەوە شێوەیان تێکچووە و بەتەواوی ناتوانرێت ئەندازەیان دیاری بکرێت. لەناو ئە شکەوتەکەدا سێ تاقی گەورەی کەوانەیی بوونی هەیە. بەرزی هەر یەکێکیان لەسەر زەوینی گۆڕەکەوە بریتییە لە (٢٠سم). بەڵام، ئەندازەی گشتیی تاقەکان بەم شێوەیە: پانییەکەیان (١٧٠سم)، قوڵی (٦٠سم) و بەرزی هەر یەکێکیان بریتییە لە (١٠٠سم). **(وێنەکانی ١٣-١٤)**



(وێنەی ١٣ دیوی دەرەوەی ئەشکەوتەکانی نزیک حەوت موغارە/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١٤ دیوی ناوەوەی ئەشکەوتەکانی نزیک حەوت موغارە/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)

**ئەشکەوتی رۆژهەڵاتی شار:**

لەرۆژهەڵاتی کفرییەوە بەدووری نزیکەی ٣ کیلۆمەتر لەسەنتەری شارەکەوە، گۆڕە ئەشکەوتێکی دەخمە بوونی هەیە کە دەکەوێتە لاپاڵی تاوێر و گابەردەکانی پشتی چیای باوەشاسوار و نزیکەی (١٠مەتر) لەئاستی زەوییەوە بەرزە[١٠].

١٠ ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیانەوە ئەم ئەشکەوتە هەندێک چاکسازی تیادا کرا. کە، بریتییە لە دروستکردنی پلیکانە بۆ ئاسانکاری سەرکەوتن و گەیشتن بە ئەشکەوتەکە. بەڵام، لەبەر ئەوەی پێشتر دەستی تێکدەری پێگەیشتوە؛ بۆیە نەتوانراوە پارێزگاری لەناوەوەی ئەشکەوتە بکرێت.


شـــێواز و نەخشـــەســـازی هەڵکۆڵینی ئەم ئەشـــکەوتەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەشـــکەوتەکانی (حەوت موغارە)دا نییە. بەرزی دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەشـــکەوتەکە لەدەرەوە (٧٠ ســـم)، پانی لەخوارەوە (٥٥ ســـم)، لەناوەڕاستیشەوە (٥٠سم) دەبێت.

گۆڕەکانی ناو ئەم ئەشـــکەوتە بەجۆرێک تێکدراون کە توانای لێکۆڵینەوە لەســـەرکردنیان نییە. بەڵام، شـــێوازی دروستکردن و هەڵکەندنیان هەمان شێوازی ئەو گۆڕانەیە کە لە ئەشکەوتەکانی (حەوت موغارە)دا دەبینرێن.

بەرزی ئەشـــکەوتەکە لەناوەوە بریتییە لە (٩٠ســـم)، پانییەکەی (١٦٠ ســـم)، درێژییەکەی (٢ مەتر)ە. بەڵام، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەناو ئەم ئەشکەوتەدا کە تەنها یەک دانەیە لەو ناوچەیە، هیچ (تاق)ێکی تیادا نییە. کە، ئەمە جیاوازی ێوان ئەم ئەشکەوتە و ئەشکەوتەکانی (حەوت موغارە)یە. **(وێنەی ١٥ و ١٦)**



(وێنەی ١٥ دیوی دەرەوەی ئەشکەوتی رۆژهەڵاتی شار/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١٦ نەخشەی ئەندازەیی ئەشکەوتی ڕۆژهەڵاتی شار/ کاری ئەندازیار ئارام محەمەد)

**ئەشکەوتەکانی گۆبان:**

بەدووری کەمتر لە پێنج کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کفرییەوە بەدیوی باکوری خۆرئاوای شارەکەدا ژمارەیەکی تر ئەشکەوت هەن کە گۆڕی دەخمەیان لەخۆگرتوە و ژمارەیان (چوار) ئەشکەوتەکە.

شـێوە و دەرەوەی ئەم ئەشـکەوتانەش لەگەڵ ئەوانەی تردا زۆر جیاواز دەرناکەون. دەرگاکانیان لەڕووی دەرەوە تا ڕادەیەک ئەندازەیان نزیکە لەیەکترەوە و شـێوەشـیان هەمان شـێوەیە (واتا نیو کەوانەییە). بەرزی هەر یەکێکیان (٩٠ سم) و پانایش بریتییە لە (٨٠ سم).

ئەم ئەشـــکەوتانە ســێ دانەیان بەڕیزی یەکەوەن و هەر یەکەیان (٥ مەتر) دووری نێوانیانە. بەڵام، چوارەمینیان نزیکەی (١٥ مەتر) لەوانەی ترەوە دوورە و لەئاستی زەویشەوە بەرزترە.

ئە شکەوتەکان بە شێوەیەکی گشتی لەیەکتر دەچن. ئەندازەیان لەناوەوە بریتییە لە (٢ مەتر) پانی، (٢ مەتر) درێژی و بەرزایی (١٢٠ سـم). تەنها یەک گۆڕیان تێدایە کە (١١٠ سـم) درێژە، (٣٠ سـم) قووڵە و (٥٠ سـم) پاناییەکەیەتی. لەناو ئەشکەوتەکاندا تاقێکی هەڵکۆڵراو دەبینرێت کە (٩٠ سم) بەرزە بە پانایی (١٥٠ سم) و قووڵی (٥٠ سم).

لەسـەر گۆڕەکەوە بۆ تاقەکە کە لەژوورووی ئەشـکەوتەکەیە دوو پلیکانەی درێژ بوونیان هەیە کە بەرزی یەکەمیان (١٠ سم) و تا نیوەی ئەشکەوتەکەیە. بەرزایی دوەمیان کە سەرانسەری ئەشکەوتەکەیە (٢٠ سم)ە.

ئە شکەوتەکان لەناو گابەردەکانی ناوچەکەدا هەڵکۆڵراون. بەهۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەی ورد لە سەریان لە پێشتردا. بۆیە، سـەرچاوەی مێژوویی لەبەردەسـتدا نییە کە باسـیان بکات و شـوناسـیان دیاری بکات. هەروەها، ڕووداوە سـروشـتییەکانی سـاڵانی ڕابردوو هاوکات لەگەڵ دەسـتی تێکدەر، زیانیان بە ئەشـکەوتەکان و گۆڕەکانی ناویان گەیاندووە. **(وێنەکانی ١٦-١٧-١٨)**.




(وێنەی ١٦ دیوی دەرەوەی ئەشکەوتەکانی گۆبان/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



(وێنەی ١٧ دیوی ناوەوەی ئەشکەوتەکانی گۆبان/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی ١٨ نەخشەی ئەندازەیی ئەشکەوتی گۆبان/ کاری ئەندازیار ئارام محەمەد)

**مێژوو**

مێژووی بونیادنان و دروستکردنی ئەم گۆڕەدەخمانە لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و نووسراوی گەڕیدە و گەشتیاراندا باس نەکراوە. بەڵام، دەتوانین بە شێوازی دروستکردن و پشتبەستن بە ئاسەواری ژیانکردن لەناوچەکەدا ئاماژە بە سەردەمەکەیان بکەین.

بەگوێرەی ئەو باسانەی لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێداوە، دەرکەوتنی گۆڕەدەخمە و شێوازی ناشتنی ئێسکی مردوو لە گۆڕەدەخمەدا بۆ نەریتی پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتییەت دەگەڕێتەوە. لەسەردەمی قەڵەمڕەوێتی جیاوازیشدا نەریتەکە جێبەجێ بووە.

گۆڕەدەخمەکانی کفری بەگوێرەی شێوازی دروستکردنیان و ئاسەواری ناوچەکە بۆ سەردەمی کۆتایی ئەشکانییەکان و دواتر ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی (ڕیچ) ئاماژە بەوە دەکات کە بنەمای هەڵکۆڵینەکانی ناو دڵی بەرد و چیاکان لەگەڵ بنەمای گۆڕی (هاخامەنشییەکان)دا وەك یەکە و بۆ ئەمەش نمونەی نەخشی (ڕۆستەم) دەهێنێتەوە. بەڵام، وتوشیەتی ئاسەواری هیچ نووسین یان نەخش و نیگارێکی لەسەر نییە. (ریچ، ٢٠٠٨: ٣٦،٤٠،٤١).

ئەم بۆچوونە ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت. چونکە، لەپێشتریشدا وتمان شێوازی گۆڕەدەخمەی هاخامەنشییەکان جیاوازە لەم نمونانەی کفری. هەروەها، لەسەردەمی هاخامەنشیندا خاوەنی هەر گۆڕێك دیارە و ئاسەواری نووسین و نەخشی پێوەیە. (Khanipoor et al, 2017: 55-68; Canepa, 2014). ڕەنگە (ڕیچ) پشتی بەوە بەستبێت کە (لاخیرۆ-کفری) لەسەردەمی هاخامەنشییەکاندا وەك پارێزگایەك هەبووە سەر بەو بنەماڵە حوکمڕانێتییە (حنون، ٢٠٠٩: ٦٤). بەو پێیەی قەڵەمڕەوێتی و کەلتوری ئەو دەسەڵاتە لەناوچەی کفریدا چەسپاوە، پێدەچێت مێژووی ئەم گۆڕەدەخمانە بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێنەوە.

بەڵام، بەگوێرەی شێوازی هەڵکۆڵینی ئەشکەوتەکان و گۆڕەکان، ئەم گۆڕەدەخمانەی کفری سەردەمەکەیان بۆ پێش هاتنی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە. زۆرتریش دەتوانین بە سەروەختی ساسانی و پێش ئەوانیش دیاری بکەین (عزیز، ٢٠٠٢: ١٠٨).

هەم شێوازی دروستکردن و هەڵکۆڵینی ئەشکەوتەکان لەناو دڵی بەرد و شاخەکاندا و هەم دیزاینی ڕووکاری ئەشکەوتەکان کە بەسادەیی دروستکراون و پێچەوانەی سەردەمی تر، نەخش و هێمای تایبەتیان پێوە دیار نییە. ئەمانە لەپاڵ ئەو بەڵگە نووسراوانەی کە ئاماژە بەوە دەدەن شوێنکەوتەی دووەمی کفری کە ئێستا پێی دەوترێت (قەرەئۆغلان) و بوونی ئاسەواری ژیانکردن و خانوو و خشت و بەرد لەو شوێنەدا کە تا ئێستاش ماونەتەوە و بۆ سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان دەگەڕێتەوە. نزیك بوونی ئەو گۆڕەدەخمانەش لەو شوێنەوارەوە؛ بەئەگەری زۆرەوە پێدەچێت گۆڕەدەخمەکانی کفری سەردەمی دروستکردنیان بۆ ماوەی (ساسانی) و پێشتریش واتا (ئەشکانی) دەگەڕێتەوە. ئەنجامدانی کنە و پشکنینیش ڕاستییەکان زۆرتر دەخەنە ڕوو.



(وێنەی شوێنەواری (قەرەئۆغلان) لە ئاسمانەوە لەگەڵ دەرکەوتنی بەشێک لە شاری کفری (ئێستا)/ فۆتۆی توێژەر،کەریم،٢٠٢٤)



(وێنەی شوێنەواری (قەرەئۆغڵان و بەشێک لە دەخمەکانی حەوت موغارە) لە ئاسمانەوە/ فۆتۆی توێژەر،کەریم، ٢٠٢٤)

**دەرەنجام:**

بەپێی ئەو زانیاری و شیکردنەوە و بەراوردکارییەی کە لەرێگای ئەم توێژینەوەیەوە پێی گەیشتنین دەتوانین ئەم دەرەنجامانەی لێ هەڵێنجێنین:

**یەکەم**: ناشتنی ئێسکی مردوو لەنێو ئەشکەوتە دەستکردەکان و گۆڕەدەخمەکانی ناو ئەو ئەشکەوتانەدا مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەسەردەمی هیتی و ئورارتی و پاشان هاخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیشدا بەکار هاتووە. بەگشتی ئەم شێوازە ناشتنەی مردوو لای پەیڕەوکەرانی ئایینی زەردەشتی باو بووە. گۆڕەدەخمەکانی کفریش بە شێکن لەو کۆمەڵە گۆڕەدەخمانەی کە لەناوچە و سەردەمەکانی تری کورد ستاندا هەبووە. بەڵام، لەبەر ئەوەی بەپێی سەرچاوەکانی بەردەست و دۆزینەوەی هەندێک پاشماوەی شوێنەواریی؛ ئەشکانییەکان و ساسانییەکان لەم ناوچەیەدا ژیاون، پێدەچێت ئەم گۆڕەدەخمانەش بۆ ئەو سەردەمی کۆتایی ئەشکانییەکان و دواتر ساسانییەکان بگەڕێنەوە.

**دووەم**: گۆڕەدەخمەکانی کفری هێشتا ژمارەیان بەدیاریکراوی نازانرێت، بەڵام بەپێی سەردانە مەیدانییەکانی ئێمە و بینینی شوێنەوارەکانیان و پشتبەستنیش بەهەندێک سەرچاوە، ژمارەیان نزیکەی ٥٠ دانە دەبێت و دابەشبوون بەسەر چەند شوێنێکی جیاوازدا. بەشی زۆریشیان ئاڕاستەی ئەشکەوتەکان کە گۆڕەکانیان تیادایە ڕووەو باکور و باکور و ڕۆژئاوان.

**سێیەم**: بەهۆی ئەنجام نەدانی کنەوپشکنین و لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو گۆڕەدەخمانە و پاشان بەهۆی نەپاراستنیانەوە، بەشی زۆری گۆڕەدەخمەکان و ئەشکەوتەکانی کفری تێکدراون و هەندێکیان لەناوچوون. هۆکاری ئەمە لەلایەکەوە کارەساتی سروشتییەکانە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دەستپێگەیشتنی کەسانی نابەرپرسە کە لەسەردەمی جیاوازدا تێکدراون.

**ڕاسپاردە:**

ئەنجامدانی كنەوپشـــكنین لەم شـــوێنەوارە مێژووییە دێرین و شـــارســـتانییەی كوردســـتاندا هۆكارێک دەبێت لە ســـاغكردنەوەی مێژووی دەركەوتنیان و پاشـــانیش ســـاغكردنەوەی مێژووی ئاوەدانی و نیشـــتەجێبوونی خەڵک لە شوێنكەوتەكەی دووەمی كفریدا كە تا ئێستا مشتومڕی لەسەرە.

**سەرچاوەكان:**


**أ-توێژینەوەی بڵاوكراوە بە زمانی كوردی:**

١-عبدالله، هاوســـەر ابراهیم كاكە، عبدالله، احمد عزیز، علی، خالد ولی (٢٠١٩)، شـــیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی كەرتی گەشـــتوگوزار لە قەزای كفری، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە (٥)ەمین كۆنفرانســـی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكان.

**ب-كتێب زمانی كوردی**

٢-دەلۆ، حوسێن ئیسماعیل خان، ٢٠١٤، ناوچەی كفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)، چاپخانەی زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر.

٣-عزیز، سهیل خورشید، ٢٠١٣، مێژووی ناوچەی كفری لە كۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپی یەكەم.

٤-نەریمان، مصطفی، ١٩٩٤، بیرەوەرییەكانی ژیانم، دار الحرية للطباعة-بغداد.

**ج- ماستەرنامە بەزمانی فارسی**

٥-رابەر انور، علی، ١٣٩٦، فضا و جامعه شهر كفری در اواخر دوران عثمانی، پایان نامه برای دریافته درجه كارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، دانشگده ادبیات و علوم انسانی.

**د-كتێب بە زمانی فارسی:**

٦-آذرگشسب، اردشیر، ١٣٧٢، "مراسم مذهبی و آداب زرتشتیان"، تهران، انتشارات فروهر.

٧-بویس، مری، ١٣٨٦، مزدیسنان، باورها و آداب دینی آ ن ه،ا ترجمۀ عسكر بهرامی، تهران، انتشارات ققنوس.

٨-پیوتروفســـكی، بوریس، خطیب شـــهیدی، حمید، ١٣٨٣، "تمدن اورارتو"، ترجمه حمید ختیب شـــهیدی، تهران، پژوهشكده باستان شناسی.

٩-توكل، ابوذر، ١٤٠٠، پژوهشی در آیین دخمه‌گذاری مزدیسنان با تكیه بر شواهد باستان شناسی از كوه رحمت (دره بره)- مرودشت (فارس)، مجله جامعه باستان شناسی ایران، شماره ٢: ٩٥-١٠٥.

١٠-جعفری، محمدجواد، ١٤٠٢، "بررسـی باسـتان شـناختی دامنه و ارتفاعات شـمالی كوه(رحمت) از تخت جمشـید تا شهر ا ستخر، مجموعه مقالاتی به یادبود علیر ضا شاپور شهبازی"، به كو شش كامیار عبدی و محمدتقی عطایی، تهران، انتشارات پژوهشگاه.

۱۱-دو ستخواه، جلیل، ۱۳۷۷، او ستا: کهن‌ترین سرودهای ایرانیان، به کو شش، گزارش و پژوهش جلیل دو ستخواه.، تهران، انتشارات مروارید.

۱۲-راهبردی نظری برای باززنده ســـازی دخمه های زرتشـــتیان در ایران، ۱۳۹۷، (نمونۀ موردی: دخمۀ زرتشـــتیان کرمان) .«*باغ نظر*، ژورنال.

۱۳- رضی، هاشم ،۱۳۸٤،دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زرتشت، تهران، انتشارات سخن.

۱٤-شهبازی، علیرضا شاپور ،۱۳۵۷، شرح مصور نقش رستم، تهران، بنداد تحقیقات هخامنشی.

۱۵-شینی غلامپور، رؤیا، حیدری بنی، داریوش، ۱٤۰۰، پژوهشی در شیوه ساخت دخمه های پارسیان هند و زرتستیان ایران، مجله معماری و شهرسازی آرمان شهر، شماره ۳۵: ۱۱۵-۱۳۱.

۱٦- فرەوشی، بهرام، ۱۳٦۸، ایرانویج، تهران، انتشارات دانشگاه تهران.

۱۷-کامبخش فرد، سیف الله، ، ۱۳۷٤، "معبد آناهیتای کنگاور"، سازمان میراث فرهنگی کشور.

۱۸-کامبخش فرد، ســیف الله، ، ۱۳۸٦، "کاوش ها و پژوهش های باســتان شــناســی و احیای معماری معبد آناهیتای کنگاور و تاق گرا جلد "۲، انتشارات پژوهشگاه سازمان میراث فرهنگی کشور.

۱۹-کخ، هایدماری ،۱۳۷۷، از زبان داریوش، ترجمۀ پرویز رجبی، تهران، نشر کارنگ.

۲۰-گیرشمن، ۱۳۹۰، "هنر ایران در دوران ماد و هخامنشی"، ترجمه عیسی بهنام، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

۲۱- ملازاده، کاظم، ۱۳۹۳، "باستان شناسی ماد"، تهران، انتشارات سمت.

۲۲-مهدوی، ملیحه، ۱۳۷۹، سگدید، رانش اهریمن، کتاب ماه ادبیات و فلسفه.

۲۳-مهدی‌زاده، علی ،۱۳۷۹، مرگ و مراســم تدفین در دین مزدایی، نشــر دانشــکده ادبیات و علوم انســانی دانشــگاه تهران.

۲٤-هرتســفلد، ارنســت، ۱۳۸۱، "ایران در شــرق باســتان"، ترجمه همایون صــنعتی زاده، پژوهشــگاه علوم انســانی و مطالعات فرهنگی و دانشگاه شهید باهنر کرمان، چاپ اول.

**د-کتێب بەزمانی عەرەبی**

۲۵-حنون، د.نائل، ۲۰۰۹، "مدن قديمة ومواقع أثرية، دراســة في الجغرافية التاريخية للعراق الشــمالي خلال العصــور الآشورية"، دار الزمان للنشر و التوزيع.

۲٦-ریج، کلودیوس جیمس، ۲۰۰۸، "رحلة ریج (المقيم البريطانى فى العراق عام ۱۸۲۰) الى بغداد-کردســـتان-ایران"، ترجمة، اللواء بهاءالدین نوری، الطبعة الاولی، الدار العربیة للموسوعات، لبنان.

۲۷-عزیز، سهیل خورشید عزیز، ۲۰۰۲، "صفحات من تاريخ منطقة کفری"، الطبعة الاولی، مرکز تەما للطباعة و النشر-السليمانية.

**ە-کتێب بە زمانی ئینگلیزی**

28-Basafa, H, 2008. “A New Perspective on Dambakoh Site in Southeast Iran”, in: *Iranica Antiqua*, vol. 43: 185-206.

29-Bivar, A.D.H., & Boyce, M., 1998, "ESTAKR", in: *Encyclopedia Iranica*, Online Edition, 15 December 1998, available at: http://www.iranicaonline.org/articles/estakr.

30-Bleeker, C.J, 1978, "Wer war Zarathustra", Persica.

31-Boyce, M, 1977, A Persian Stronghold of Zoroastrianism, Khodayar Dastur Sheriyar (1914). "The Funeral Ceremonies of the Zoroastrians in Persia", in Sir Jamsetjee Jejeebhoy Madressa Jubilee Volume, ed.: J. J. Modi, Bombay, pp. 306-18.

32-Boyce, M & Grenet, F., 1991. "A history of Zoroastrianism, vol. III: Zoroastrianism under Macedonian and Roman rule, Part 1", (= Handbuch der Orientalistik), Leiden.

33-Farjamirad, M, 2015, "Mortuary Practice In Ancient Iran From the Achaemenid to the Sasanian Period", E-book, Oxford, UK: BAR Publishing.

34-Heydari, A., 1999, "Athar-e Elymai Dar Ertefa'at-e Susan (Izeh) (Elymaean evidences from Sussan highlands (Izeh)", in: *Athar*, No. 29-30: 204-231.

35-Herzfeld, E., 1941. "Iran in the Ancient East", London/New York.

36-Lamberg-Karlovsky, C.C. & Fitz, W., 1987. "Cairn burials in the Soghun Valley, south eastern Iran, in: Orientalia Joseph Tucci Memoriae Dicata (G. Gnoli & L. Lanciotti, eds)" (= Serie Orientale Roma LVI, 2) Roma: 747-770.

37-Von Gall, H.,1994. "Deh- E Now, in: Encyclopaedia Iranica (E. Yarshater, ed.)", vol. 7, Fasc. 2, New York: 211-214.

38-Debevoise, N.C, 1942, "The rock reliefs of ancient Iran", Journal of Near Eastern Studies, I(I):76-105.

39-Edmonds, C.J, 1934, "A Tomb in Kurdistan", Iraq, (1)2: 183-192.

40-Von Gall H, 1966, "Zu den medischen felsgrabern in Nordwestern und Iraqi Kurdistan", Archaologischer Anz, pp.19-43.

40-………., 1988, "Das Felsgrab von Qizqapan. Ein Denkmal aus dem Umfeld der achamenidischen,Konigs-strasse", Bagdader Mitteilungen,19, pp.557-82.

41-………., 1995/1, "Deh-e Now", Encyclopedia Iranica, Vol.VII, Fasc,2, pp.211-214.

42-………., 1995/2, "Dokhan Dawud", Encyclopedia Iranica, Vol.VII, Fasc,5, pp.472-474.

43-Huff, D, 1971, "Das Felsengrab von Fakhrikah", Istanbuler Mitteilungen, 21: 161-71.

44-Kaznakov, A.N, 1917, Pescera e tajnikami v Vanskoj citadeli, Izv. Kavkazskogo muzeja XI.1-2: 28-32, tavv.I & II.

45-Khanipoor, M et al, 2017, "The reliefs of Naqš-e Rostam and a reflection on a forgotten relief", Iran, Historia i Świat, iss. 6, pp. 55-68.

46-Koroglu, K, 2007, "New observation on the origin of the Single-roomed Rock-cut tombs of Eastern Anatolia, in Belkis Dincol", ed. By Metin Alparsalan, Meltem Dogan-Alparsalan and Hasan Pekerm, Istanbul, pp. 445-456.

47-Lehmann-Haupt, C.F, op, cit.

48- Marr, N.Ja & Orbeli, I, 1922, Archeologiceskaja ekspedicija 1916 g.v Van, St, Petersburg.

49- Modi, J. J, 1905, The Funeral Ceremonies of the Parsees, Their Origin and Explanation (Bombay), D. F. Karaka, (1884). History of the Parsis, 2 vols., London.

50- Muller, D.H, 1888, Die Keilinschrift von Aschrut-Darga (DWAW,XXXVI: tavv.II,III.

51-Muller-Simonis & K, Hyvernat, 1892, Du Caucase au golfe Persique, Paris, Lyon.

52-Piotrovskij, B.B & Flittner, N.D, 1940, Technica drevnogo Duurec` ja (Ocerki po istorii techniki drevnogo Vostoka, Moskova-Leningrad.

53-Reade, J.E, 1998, “Assyrian Illustrations of Nineveh”, Iranica Antiqua, XXXiii: 81-94.
54 -Stronach, D, 1966, “The Kuh-I Shahrak fire Altar”, Journal of Near Eastern Studies, 25: 217-227.
55- Tozer, F.H, 1881, Turkish Armenia and Eastern Asia Minor, London.

**و-گۆڤار بە زمانی فارسی:**

٥٦-کامبخش فرد، سیف الله، ١٣٤٦، آثار و بقایای دهکده های پارتی، مجله بررسی های تاریخی، شماره١، سال دوم.
٥٧-هاشمی، سیامک،١٣٩٢، درخشش تمدن در اعماق زمین (مروری بر سازه های زیرزمینی- از گذشته تاکنون)، فصل ٥: آرامگاههای زیرزمینی، انتشارات شادرنگ، تهران.

**ز-ئاماری بڵاونەکراوە:**

٥٨-دۆ سیەی بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، بە شی پشکنین، ڕووپێویی شوێنەواری بۆ بە شێک لەناوچەکانی کفری، ٢٠١٥، لیژنەی ڕووپێوی: محمد علی کریم، جمال محمد صالح.

**ح-چاوپێکەوتن:**

٥٩-چاوپێکەوتنی توێژەر: مەحمود، سامان کەریم، لەگەڵ، عبید محمد علی، بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری، ٢٠٢٤.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034